
Kurdistannet کوردستان نێت

# لەبەر خاتری خاتران ( وەڵامێك بۆ بەناو نەجوا خان )



**کاراوان اکرم - هەولێر**
**کۆلیژی ئەدەبیات - زانکۆی سەلاحەدین**

لەبەر خاتری نەجوا خان کە وەك خۆی نوسیویەتی وەك ئافرەتێکی کورد (کە هەموو کەس ئەزانێت ئەو بەرێزە ئافرەت نیە ) تەحەدای من و هەموو نوسەرە هاوشێوەکانی وەکو من دەکات ئەگەر بوێرین ناو و وێنەی راستەقینەی خۆمان بخەینە سەر هیچ رۆژنامە و سایتێکی ئەنتەرنێتی ، بەو بەرێزە دەڵێم کە بە تەحەداوە هەمیشە بە ناوی خۆمەوە شتم نوسیوە و لەبەر خاتری ئەویش ئەم جارە ئەم وێنەیەم لەگەڵ ئەو وەلآمەدا بلآو دەکەمەوە ، هەرچەند من قەناعەتم وایە کە نوسین هی هەرکەسێك بێت مەرج کەسەکە نیە بەڵکو مەرج ناوەرۆکی نوسینەکەیە ، مەرج نیە کێ نوسیویەتی بەڵکو مەرج ئەوەیە مەبەست لەو نوسینەی چی‌یە ! چ خزمەتێك بە کۆمەڵگا ئەکات ؟ چەندی راستە و چەندی تری پێچەوانەی راستیە ؟ لەگەڵ رێزم دا بۆ بەناو (نەجوا خان ) کە لە چەند شوێنێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە (برای دینی) و حزبی (یەکگرتوو) و (خوشکانی یەکگرتوو) لەو شتانە ، ئیتر نازانم ئەو بەرێزە بۆ کوشتەی دەستی ئەو حزب و کەسانەیە و چی‌یان لێکردووە ؟؟!! وە سەبارەت بە منیش ئەگەر ئەو بەرێزە نەزانێت من کێم لە ناوەکەمەوە چونکە ئەو نامۆیە بە خەباتگێرانی شۆرشی کوردی !! ئەوە بپرسێت باشترە ، چونکە من کوڕی شەهیدێکی دەستی تیرۆرم کە باوکم خەباتگێرێکی شۆرشی کوردی بووە لە سەردەمی شۆرشی ئەیلول و گوڵانەوە لە ریزی حزبێکی خەباتگێری ئەو کوردستانەدا بووە کە چەندین ساڵ لەگەڵ باوکم ئەم گوند و ئەو شاخم کردووە لەسەردەمی پێشمەرگایەتی و شۆرشدا و ئێستەیش وەك کەسێکی بێلایەن دەستم داوەتە دونیای رۆشنبیری و نوسین و خوێندن و چیتریش کەس بە ناوی ئافرەتەوە خۆیمان لێنەکاتە خەباتگێر و لافی ماف و گەزافی دیموکراتیەتمان بەسەردا لێدات ، چونکە هەموو کەس ئەزانێت ئەو بەرێزە لەسەردەمی شۆرش و خەباتدا لە کوێ بووە و چی کردووە ؟!! هەروەها لە نوسینێکیدا لافی مافی ئافرەتمان بەسەردا لێدەدات تەنها لەبەر ئەوەی من وتومە کە ئەو نوسەرێکی نوێیە ، لەگەڵ ئەوەدا لەهەمان نوسینیدا خۆی ئافرەتی ناوزەد کردووە بە مانگای برسی بەردەرکی مالآن ، جا چما کەسێك ئافرەت بە مانگا ببینێت دەبێ چ نازناوێکی لە سەرشان بدرێت ؟!!